لێکۆڵینەوە



کاکەیی زادە

# خەواجە -حافز-ی شیرازی

بەشی یەکەم

## دەسپێک

غەزەلەكانی حافز پڕن لە واتای جۆراوجۆر، جامی جیهانبینە. هەر كەسێک خۆی تێدا بە شێوەیەک دەدۆزێتەوە. ئەگەرچی بە شاعیرێكی دەروێش و عیرفانی ناوزەد كراوە و ناسراوە، بەڵام هێما و رەمزەكانی لە زۆر شوێندا واتای ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكەن كە شاعیرێكە پشتی لە بارەكانی تری ژیان نەكردووە، هەرچەندە بە فانی و پووچی وەسف كردوون. لە هەمان كاتیشدا چێژ و جوانی و خۆشی و هیواكانی بە روونی دەرخستووە كە تێكەڵ بە هێما عیرفانییەكان بە خەیاڵاتێكی فراوان شاعیر زۆر جار وا لە خوێنەرەكەی دەكات كە بە دیاریدا رابمێنێ و ئامێتەی خواستە دەروونییەكانی ببێتەوە كە بە ئاسانی لەگەڵ خەونە ئەفسووناوییەكانیدا جودا نەكرێتەوە.

ئەگەر خوێنەر حافزی نەبێت، ئەوا لەو خەونە بە ئاسانی راناچڵەكێت تاوەكو بە چواندنێكی سەرنجراكێش كە حافز لە دوو بەیتەكانیدا دروستی كردوون رادەمێنێت.

زۆر جار وشەكانی وەكو شنەی بەرەبەیان بەسەر پەڕی گوڵی مێشكی شیعردۆستدا گوزەر دەكات و بۆن و بەرامەیەكی بەهاری لە هەناسەیدا دێتە خرۆش، تاوەكو بە تەواوی بە دیاری دیمەنە هەست بزوێنەكاندا مەست دەبێ.

پێم وایە چوونە نێو جیهانی پایەبەرزێكی وەک حافز ئۆقرەیەكی بێ سنووری دەوێت. دەبێت پتر لە جارێک دیوانەكەی بخوێندرێتەوە پتر لە جارێک بە دیاری كوانووی ئاگردانی هەڵبەستەكانییەوە، بۆنوبەرامەی وشەكان بە وردی تاوتوێ بكرێن. چونكە ژیلەمۆی ئاگردانی شیعری خەواجە هێندە بەتینە، هەرگیز خامۆش نابن.

ناخی ئەو زاتە بەهرەمەندەمان بۆ بە جوانی روون دەبێتەوە. حافز گۆمی هەست لە وشەدا بە شێوەیەكی وەستایانە دەشەڵەقێنێ، بەڕادەیەک وشەی سادە دەكات بە سەبكی تەڵاو ئەكسیری دڵ و دەروون، گەردی تۆزی ژێر پێی یار دەكاتە سوورمە و چاوانی پێ كلڕێژ دەكات.

ئاماژەیەكی دوكتۆر بەهادین خورەمشاهی بە تەنیا بەسە بۆمان كە گوتوویەتی «حافز كاملەن مرۆڤە، نەوەكو مرۆڤی كامل»

لێرەوە شكۆمەندی ئەم زاتە مرۆڤایەتییە بە هەموو واتاكانی سەرچاوە دەگرێت... تاوەكو ئەم شاعیرە دەبێتە یەكێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی جیهان. شاعیر و زانا ناودارەكان دەكەونە بۆتەی هەست و نەستی پایەبەرزی ئەم پیاوە.

وەرگێڕانی شیعر و هزرەکانی بیر و هەستی پیاوێکی مەزن، هەستی ئەو مرۆڤە ناودارانە دەهەژێنێ و خۆیان لە ئاستی خەواجەدا بچووک دەبینن ئەوەتا مەزنێکی مرۆڤایەتی وەکو "گۆتە"ی ئەڵمانی خوازیارە یەکێک لە قووتابی و شاگردەکانی حافز بووبووایە.

"تاگوری" شاعیر و زانا و عارف هیندی خۆی بە موریدی حافز دەزانێنت لە هیندەوە بۆ زیارەتی مەزارەکەی دێتە ئێران.

تاگوری" شاعیر و زانا و عارف هیندی خۆی بە موریدی حافز دەزانێنت لە هیندەوە بۆ زیارەتی مەزارەکەی دێتە ئێران

نووسەرێکی بەناوبانگی رۆژئاوایش حافز بە "سوپەرمان" نێوزەد دەکات و خوازیارە فێری زبانی فارسی بێت لەبەرئەوەی بچێتە نێو باخ و گوڵزاری ئەو پایەبەرزەوە.

پێم وایە ئێمەی کورد دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین بۆ ئاشنابوون و نزیکبوونەوە لەو بلیمەتە کارانەی ئەدەبیاتی فارسیدا کە ریشە و رەچەڵەکیان زیاتر لە زمان و نەریت و کولتووری خۆمانەوە نزیکە، جگە لەوەی ماندووبوونێکی کەمتری دەوێت ئەگەر بمانەوێت خۆمان هەندێک ماندوو بکەین.

حافز تەنیا شاعیر نییە، بەڵکو خاوەن بیرێکی فراوان و هەستێکی کەم وێنەیە، خاوەن رێبازێکی زیندووە

مرۆڤ کە بەرامبەر پیاوێکی پایەدار و شکۆمەند وەکو حافز دەبێتەوە هەست بە گەورەیی و بەهای خۆی دەکات وەکو مرۆڤێک، خەون بەوەوە دەبینێت کە رۆژێکیان شاد بێت بە دیتنی ئارامگەی ئەو پایەدارە و بەکڕنۆشەوە تاجەگوڵینەی خۆشەویستی بخاتە سەر مەزارەکەی، چونکە حافز تەنیا شاعیر نییە. بەڵکو خاوەن بیرێکی فراوان و هەستێکی کەم وێنەیە. خاوەن رێبازێکی زیندووە، هەردەم وەکو ئەستێرە لە ئاسمانی شیعردا رۆژ بە رۆژ درەوشاوەتر و پرشنگدارتر دەبێت.

مرۆڤ خۆزگە دەخوازێت ئەو شیعرەی لە بەردەستیدایە

هەرگیز کۆتایی نەیێت، لە هەمان کاتیشدا خوازیارە شیعرێکی تری شاعیر بە چاو و دڵ و دەروونی شاد بکات تاوەکو. زیاتر ئاشنا بێت و پەیتا پەیتا بەرەو دەریای بێ پایانی حافز بڕوات.

حافز قوتابخانەیەکی شیعرییە. پڕ بە عیشق و عیرفانی و حیکمەتە. فەلسەفە و خۆشەویستییە. هەر کەسێک لێوی بە بادەی بەیتەکانی تەڕ بکات، ئەوا مەست دەبێت و لە واتا پڕ راستییەکانیدا نزیک دەبێتەوە، کە هەردەم خەواجەی هەژاندووە. تاوەکو وشەی کردووە بە گەوهەر و بە جیهانی بەخشیوە، گەردی پێی یاری کردووە بە سوورمە و چاوی پڕ ئەمەکی پێ رەژیوە... خۆی بە بچووکترین خزمەتکار و چاگر لە ئاستی بەرامبەردا داناوە. چ یار بێت، یان دۆست بێت.

جارێک دەبێت بە عیشقی ئیلاهی و جارێکی تریش عیشقی ئیلاهی وای لێ دەکات کە هەموو جۆرە راستییەک، جوانییەک لە فەزای ئەو راستییەدا بخولێتەوە.

تەنیا خەواجەیە گیان بە بەرەبەیان و باخ و چەمەن دەبەخشێ لەگەڵ باڵندەکان دەکەوێتە گفتوگۆ، بە زوبانی گیانلەبەران دەکەوێتە ئاخاوتن، بەشێوەیەک دیمەنەکان دەڕازێنێتەوە تاوەکو هەست دەکەیت کە لەگەڵ مرۆڤێکدا دەدوێیت، ئەو بەهرەیەش تەنیا لە خودی خەواجە دەوەشێتەوە و کەسی تر نا. دەنا ئەو گرتانەی حافز بە وشە و چواندن بەر لە شەش سەدە بەرجەستەی کردوون، چ واتایەک دەگەیەنێ کە تاوەکو ئێستا تەڕ و پاراو و درەوشاوە بێت و کاڵ نەبێتەوە.

## حافز کێیە؟

ناوی محەمەد، لەقەبی شەمسەدینە، نازناوی حافزە، لە شاعیرانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە. لە شیراز لە ساڵی ٧٢٦. ک لە دایک بووە، وە لە ساڵی ٧٩١.ک کۆچی دوایی کردووە و لە شیراز لە قەبرستانی موسەلادا نێژراوە. کوڕی بازرگانێکی ئەسفەهانی بەناو بەهائەدین بووە، بە منداڵی باوکی کۆچی دوایی دەکات و دایکی بە شاگردی دەیخاتە بەر دەستی نانەوایەکەوە. هەر لەو کاتەدا وەکو فێرخوازێکی زیرەک و لێهاتوو خولیای خوێندن دەبێت، لەلای زانایانی ئەو سەردەمە وەکو "شەمسەدین عەبدولا" و "سەید شەریفی جورجانی" وانە دەخوێنێت و پەروەردە دەبێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەلایەن پاشایان و سەردارانی ئەو سەردەمە وەرگێڕاو و کتێبەکانی بۆ والا کراوەتەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی زانستەکانی، ئەدەب و عیرفانی و ئاین و وانەکانی تری

وەرگرتووە. قورئانی پیرۆز لە سینە کردووە، دەڵێن بەو بۆنەیەوە نازناوی حافزی پێ دراوە "پێم وایە ئەم بۆچوونە دوورە لە راستییەوە".

عشقت رسد بە فریاد ور خود بسات حافز

قـــــرآن ژ بر بخــــــوانی دەر چاردە روایت

واتە: عەشقت بەفریادت گەیشت وەکو حافز، قورئانی پیرۆز بە چواردە ریوایەت لەبەر بخوێنی

چونکە خوێندن بەبێ عیشقی خودایی نابێتە هۆ و گەیشتن بەو عیشقە.

حافز دوو کوڕی هەبووە، هەردووکیان لە تەمەنی لاویدا مردوون بە مەرگیان هەستی باوکیان بریندار بووە، جوانترین و بەسۆزترین شیعری بۆ مەرگیان داناوە.

بر شـــمع نرفت أز گـذر آتش دل دوش

آن دودکـە أز سوز جگر برسر ما رفت.

ئەو دووکەڵەی کە دوێنێ شەو لە ئەنجامی ئاگری دڵی سووتاوی جگەری منەوە هەستاوە، لە مۆم هەڵنەستاوە.

حافز بە پێچەوانەی شاعیرانی تر – کە هەردەم لە سەیر و سەفەردا بوونە– قەت لە دڵی نەهاتووە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شیراز دوور بکەوێتەوە. ئەوەتا لەم دەربڕینەدا شەیدایی خۆی بۆ شارەکەی دەخاتە روو کاتێک لێی دوور بکەوێتەوە.

ماهم أين هفتە شد أز شهرو بەچشمم سالی است

حال هجران تۆ چە دانی کە چەمشکل حالی است

مانگم "یارەکەم" ئەم هەفتەیە بوو بە مانگێ و لە بەرچاوم ساڵێکە، تۆ چوزانی حاڵی دووری چەند دژوار و سەختە.

هەفتە دەبێتە مانگێک و مانگیش دەبێتە ساڵێک لە بەرچاوی شاعیر کاتی دوورکەوتنەوە.

حافز سەرەڕای ئەوە لە شێوازی سەعدی و مەولانا و سەنایی و خەیام پەیڕەویی کردووە، بەڵام لاسایی کەسی نەکردووەتەوە. بەڵکو شێوازێکی نوێی داناوە کە تاکو ئێستا زۆربەی شاعیرانی فارس پەیڕەوەی دەکەن. بێگومان فەلسەفە و رێبازی خەیامیش سەرنجیان راکێشاوە و کاریگەرییان بەسەر حافزدا بووە.

بەڵام شیعرەکانی لەگەڵ حافز بە رەواڵەت لەیەک دەچن ئەگەر سەرجەم غەزەلەکانی حافز بە عارفانە بزانین ئەوە خەتایەکی گەورەیە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تەواوی غەزەلە

عارفانەکانی بە عاشقانە وەربگرین ئەوە خەتایەکی گەورەترە.

ئەگەر یەکێک مەراقی شیعری حافز بێت «حافزخوێن بێت» ئەوا بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێ کە ئەم زاتە روحێکی زاهیدانەی هەیە و عیشقی دوستی یاری نادیار هەر جارێکیان دەبێت بە ئەوی تر.

بە ناوبانگیی شاعیر لە جیهاندا وای کردووە کە ساڵانە بە سەدەها هەزار دیوانەکەی چاپ بکرێت، لە ئێران و دەرەوەی ئێران، بەوەیش بە پلەی یەکەم دێت دوای قورئانی پیرۆز لە رێژەی چاپی کە ساڵانە بە جۆری جیاواز و قەبارەی هەمەجۆر چاپ دەکرێت.

ئەم کارەیش دەرگەی جیهانی بۆ شیعرەکانی خەواجە حافز واڵا کردووە بۆ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر شیعری حافز.

لە ساڵی ١٧٩١ ز لەلایەن "ئاپ جان"ی ئینگلیزەوە خاوەن چاپخانەیەک لە "کەلکەتا" بە چاودێری ئەدیبی هیندی "ئەبو تالیب خان" لە رووی نوسخەی دەستنووس "محەمەد گوڵئەندام" کە دۆست و هاونشینی حافز بوو، لە چاپ دراوە.

تاوەکو ئێستاش بەسی "٣٠" زمان شیعرەکانی وەرگێڕاون لەوانەیش بە زمانی کوردی کە دواییيان خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەکرەم عەنەبییە لە سێ بەرگدا بە شێوەیەکی پوخت و جوان ناوبانگی حافز جیهانی هەژاندووە، ئەو کارەش وای کردووە لە حاکمی بەغدا شار کە پیاوێکی ئەدەبدۆست بووە بە ناوی ئەحمەدی جەلایر، بنێرێتە شوێن حافز بۆ سەردانی شاری بەغدا. حافزیش لە وەڵامدا بە غەزەلێک وەڵامی دەداتەوە سوپاس و پێزانینی خۆیی ئاراستە دەکات، هەر ئەوەیشە بووەتە هۆی ئەوەی کە خەواجە حافز بڵێت:

عراق پارس گرفتی بە شعر خویش حافظ

بیا کە نوبت بغداد و وقت تبریز أست

واتە: حافز تۆ عیراق و فارست بە شیعری خۆت گرتەوە،

وەرە ئێستا نۆرەی بەغداد و تەبرێزە

ئەی حافز تۆ بە شیعری خۆش و پاراوت دەسەڵاتت بەسەر ئەسفەهان و شیرازدا گرتووە، وەرە ئەمجا نۆرەی بەغدا و تەبرێزە.

# فاڵی حافز "گرتنەوەی بەخت"

خۆشەویستی و بیر و بڕوای خەڵکی بە شێوەیەک کاریگەری شیعرەکانی حافز گەیشتووەتە ئەو رادەیە کە بۆ پرس و رێنوێنی و چارەسەرکردنی گرفتی ژیانیان روو بکەنە دیوانەکەی حافز بۆ ئەوەی بەختی خۆیان بگرنەوە، تا وەکو بووە بە نەریتێک.

فاڵگرتنەوە بە دیوانی حافز دەبێت بە دڵێکی پاک و پڕ بڕوا بێت. سەرەتا فاتیحایەک بۆ روحی پاکی حافز دەدرێت... پاشان دیوانەکەی لێک دەکرێتەوە. مەبەست لە فاڵگرتنەکەیش لە دڵدا روون دەکرێتەوە. یەکەم غەزەلی ئەو لاپەڕەیە دەکرێتەوە و بە ووردی بڕوا و واتاکەی لێک دەدرێتەوە. وەڵامی رازی دڵی لێ وەردەگیردرێت.

نموونەی فاڵگرتنەوەی حافز زۆرە رووداوی سەرسوڕهێنەری بە دی هاتووە. هەر ئەویشە وای لە خەڵکی کردووە کە باوەڕیان بەو کارە بێت. ساڵانە لەسەر یاداشتنامە و رۆژنامەکاندا بەو فاڵانە دەرازێندرێتەوە، تاوەکو سایتی تایبەت بە حافز ئەو فاڵانە دابەزیووەتە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

لێرەدا چەند نموونەیەک باس دەکەین کە پێوەندیی بە خودی حافزەوە هەیە لە بارەی فاڵدا.

– کاتێک حافز کۆچی دوایی دەکات، هەندێک لە نەیارانی حافز نەک تەنیا نایان دەوێت بکەونە دوای تەرمەکەی، بەڵکو خەڵکیش هان دەدەن کە خۆیان بەو کارە گوناهبار نەکەن. لە ئاکامی هەنگامەیەکی زۆردا دێنە سەر ئەوەی فاڵ بگرنەوە، هەر کە دیوانەکەی حافز لێک دەکەنەوە ئەم غەزەلە دێت:

قـــدم دریغ مـــدارا أز جنـازەی حـــافظ
کە گرچە غرق گناە است می رود بە بهشت

واتە: خۆت لە جەنازەی حافز دوا مەخە، گەرچی نغرۆی غەرقی گوناهە، بەڵام دەچێتە بەهەشت.

ئەو نەیارانەیش دەستبەجێ لە بڕیاری خۆیان پەشیمان دەبنەوە و دەکەونە دووی تەرمەکەی.

– کاتێک شاسمایلی سەفەوی بناغە دانەری بنەماڵەی سەفەوی لە ئێران بەدەسەڵات دەگات، دەستوور دەدات قەبری گەلێ پیاو لەگەڵ زەوی رێک بکەن، قەبرەکەی حافزیش یەکێکە لەو قەبرانە، پاشان رۆژێک لەگەڵ "مەلا مەگەس" کە پیاوی دەربار بووە، دەچی بۆ

"حافزییە"کە بارەگای حافزی لێیە، مەلا مەگەس دەزانێت دەبێ قەبرەکەی حافزیش تێک درێ دەبێت ئەو فەرمانە جێبەجێ بکرێت. داوا دەکات کە فاڵی لە دیوانەکەی حافز بگرنەوە، لە خۆی بپرسن.

شاسمایل فەرمان دەدات، دیوانەکەی حافز بێنن و فاڵێک بگرنەوە لە فاڵەکەدا ئەم شیعرە دێ:

جـواز سـحـر نهـاد و حـمـایل برا برم
یعنی غلام شاهم و سوگندی می مخورم

واتە: جـەوزا جـزووی حـەمـایلی دانا بەرامـبـەرم، واتـە غـوڵامی شـاهـم و قـەسـەمـێک "سوێندێک" دەخۆم و خزمەتکاری شاهم

شاسمایل لێرەدا یەکسەر پاشگەز دەبێتەوە لە بڕیارەکەی.

## عیشق لە روانگەی حافزەوە

خەواجە زۆر ئاماژە بەوە دەکات کە مەسەلەی عیشق و بارگرانی بە ئارەزووی خۆی هەڵنەبژێردراوە، بەڵکو بادەیەکە لە ئەزەلەوە پێی نۆشراوە و پێی بەخشراوە، یان وەکو خەڵاتێک پێی دراوە یانیش قەزا و قەدرێکە بۆی تێ گیراوە.

زۆربەی بەیتەکانی حافزی شیرازی عیشقن، چ عیشقی ئیلاهی و عارفانە بێت. یان عیشقی یار یان عیشقی بەهار و بادە. لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە کە خەواجە بە پاکی و راستی و بە سۆزەوە باسیان لێ دەکات تا رادەیەک خوێنەر وا هەست دەکات کە لە یەکتردا کۆ دەبنەوە.

بەڵام حافز هێندە زیرەکە واتاکانی راشکاوانە دەخاتە روو بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە رەخنەی لێ دەگیرێت یان نا... گرینگ لای شاعیر ئەوەیە هەستی قەڵخانی راستگۆیانە دەخاتە بەر تیری نەیاران، بێ باکیشە لە تیر و توانجیان.

ئەوەیە حافز خۆی دەکات بەگردی بەرپێی یار و گیانی بە کەم و پووچی دەزانێت و دەیبەخشێتە یار.

بەتەن مـقـصّـرم أز دولت مـلازمـتت
ولی خلاصة جان خاک آستانەی تست

واتە: بە جەستە کەمتەرخەمم بگەم بە خزمەتت، بەڵام پاکتاوی گیانم پووختەی خاکی بەر دەرگەی تۆیە و لە خزمەتتدایە.

حافز کاتێکه بڕیار دەدات بچێته ناو عەشقەوە، دەسبەردانی هەموو شتێک که دەبێت له جیهاندا بوونی هەیه. نوێژی مردووانی بۆ غەیری عیشق به سەردا دەکات.

من همان دم که وضو ساختم از چشمەی عشق

چار تکبیـــر زدم یکســـره بر هر چه کـــه هست

واته: ئەو دەمەی که دەستنوێژم له کانی عیشق هەڵگرت یەکسەر چوار تەکبیری هەموو ئەو شتانەم کرد، وەک چۆن بۆ مردوو چوار تەکبیر له نوێژی سەر مردوو دەکرێت.

دیسانەوە حافز مەنزڵگای یار بەخانەی چاوی خۆی دادەنێت و خوازیاره یارەکه تێدا جێگر بێت

رواق منظر چشم من آشـــیـــانه تست

کرم نماو فرود آ که خانه خانەی تست

واته: روانگەی چاوی من هێلانەی تۆیه، تۆیش گەورەیی خۆت بنوێنه و دابەزه که خانەی چاوم خانەی تۆیه و چاوەڕوانه تێیدا راگیر ببیت.

عیشقی حافز هەردەم تازەیه و نوێ دەبێتەوە لەبەر جوانی یار و جیلوەی عیشقی یار.

مـــرا از توست هردم تاز عـــشـــقی

ترا هر ســاعــتی حــسنی دگــر باد

واته: عیشقی من هەر کاتێک بۆ یار تازه دەبێتەوە، خوازیارم جوانیی یاریش بەردەوام نوێ ببێتەوە و جیلوه بکات.

حافز عیشق به دەریایەکی بێ پەی له قەڵەم دەدات که هیچ چارەیەکی نییه تاوەکو گیانی پێ رادەسپێرێت.

بحر یست بحر عشق که هیچش کناره نیست

آنجا جز آن کەجان بسپارند چاره نیست

واته: دەریای عیشق دەریایەکه هیچ کەنارێکی نییه، لەوێدا جگه له گیان سپاردن رێبواران هیچ چارەیەکی تریان نییه.

دیسانەوە حافز بوونی خۆی له بەرپێی یار دادەنێت، به رەوایشی دەزانێت که یارەکەی ئاشنای رێگەی خۆیەتی.

بر خـــاک راه یار نـهـــادیم روی خـــویش

بر روی مـــا رواست أگـــر آشنا رود

واتە: رووی خـۆمـان لەسـەر خـاکی ڕێی یاردا داناوە، ڕەوایە ئەگـەر ئـەو یارە ئاشنـایە بەسەر ڕووماندا گوزەر بکات.

حـافـز دەزانێت کە عـیشق ئۆقرەیەکی بێ سنووری دەوێت، ئامـۆژگاری دڵی خـۆی دەکات کە جـەفا و ڕەنجی تەمـەنی وەکـو مـۆمێک لەبەر دەرگە و ڕێی عـیشـقدا پەیتا پـەیتا لاواز بێتەوە.

عـشـقـبـازی را تحـمل باید أی دل پای دار

عمـر مـلالی جـود بود دگر خطـایی رفت رفت

واتە: عیشـقبازی ئارامی و ئۆقرەی دەوێت، ئەی دڵ خۆ ڕابگرە ئەگەر بێزاری و جەفایەک بوو ڕۆیشـت، هـەر هـەڵەیەک ڕووی دا تـێ پەڕی حـافـز سـووتانی خـۆی بە وەفـایـەک بۆ ئەو شـەرتەی کە بەیارەکەی داوە، بە کارێکی پیرۆزی دادەنێت کە پێویستی بە پاڕانەوە نییە.

هر کە دڵ بەعشق دهـید خوش دمی بود

درکار خیر حاجت هیچ إستخـارە نیست

واتە: هـەر کاتێک دڵ بە عەشق بسـپێردرێ ساتێکی خۆش و پیرۆزە، لە کـاری خێردا هیچ پێویست بە دوعا و پاڕانەوە نییە، چونکە ئەو کـارە کاری خـوایە و لە دەروازەی ئاسمـانەوە بەخشراوە.

ندای عــــــشـق تو دوشـم در أنـدرون دادند

فـضـای سـینەی حـافظ هنوزپر ز صـداست

واتە: دوێنێ شـەو لە ناخمدا بانگی عیشـقی تۆیان بڵاو کردەوە، هێشتا چەرخی سـینگی حافز پڕە لە دەنگدانەوە.

حـافز هێندە بە پەرۆشـە لە ئاسـتی یارەکەیدا زبـانی دەبەسترێت و بێدەنگی بە باشـترین چارەسـەر دادەنێت.

بسـان سـوسن اگر دە زبان شـود حـافظ

چو غنچـەپیش تواش مـهر بەدهن بـاشـد

واتە: وەکو گـوڵی سـەوسـەن ئەگەر حـافـز دە زوبانی بێت «پێـنج پەڕ و پێنج کـاسـەپەڕی درێژی نوکتێژی هـەیە» وەکو خـونچـە گوڵ لە ئاسـتی تۆدا دەمی دەبەسـترێت و دەمی کلۆم دەکرێت.

حـافـز گـریانی و ئازاری عـیشـق بە مـەرامـێک دەزانێت کـە سـەرتاپای گـردووەتەوە پێی

ناشاردرێتەوە.

درد عـشق أز چـه دل أز خلق نـهـان مى دارد

حـافظ ابن ديدەى گريان تۆ بى چيزى نيست

واتە: گەرچى دەردى عيشق وا دەكات دڵ لە خەڵكى بشـارێتەوە، بەڵام حافـز ئەم چاوە بە گريانەى تۆ بێ مەرام نييە.

سـايەى عـيـشق كـە كـەوتە سـەر عـاشق، چيى بەسـەر دێنێ، مـەعـشـوق دەخـاتە چ خولياىەكەوە، حافز وەڵامى ئەم حاڵەتە دەداتەوە:

سـايەى معشـوق أگر أفـتاد بر عـاشق چەشـد

مـابە أو مـحـتـاج بوديم ئو بە مـا مـشـتـاق بود

واتە: سێبەرى مەعشوق ئەگەر كەوتە سـەر عاشق چى دەبێ؟ ئێمە پێويستمان بە ئەو بوو ئەويش تامەزرۆى ئێمە بوو...

حافز مـەرامى خۆى دەخاتە روو، لە پەيمانى يارەكەى بـێ ئومێد نييە، چاوەڕێى گەيشتنە بەكام ، ئامادەيشە گيانى خۆى لەو رێگەيەدا تەرخان بكات.

دوش مـيگفت كـە فـردا بـدهم كـام دلت

سـببـى ساز خـدايا كـە پشـيـمـان نبـود

واتە: دوێنێ شـەو دەيگوت سبـەينێ بەكامـى خۆتت دەگەيێنم، هۆكارێك بسـازە خوايا كە پەشيمان نەبێتەوە.

دست از طـلـب ندرام تـاكــــام بر آيد

ياتن رسـد بـه جـانان يـاجـان زتن برآيد

واتە: دەست لە داواكـردن هەڵناگرم تا دەگـەمـە كـام، يان جەسـتـەم دەگاتە گـيـانانم يان گيان لە جەستەم دێتە دەر.

كـامى دڵى حـافز مـاچێكە، بە هـيـوايە بێـتـە دى، بەڵام ئەو هيـوايە تامـەزرۆييـەكە بەگيـان سپاردن كۆتايى پێ دێت.

جـان بر لب أست و حسـرت در دل كه ازلبـانش

نگرفــتــه هيچ كـــامى جـــان أز بدن برآيد

واتە: گيان لەسـەر لێوە و حەسرەت لە دڵدايە، كە لە لێوانى هيچ كامێكم نەديوە و گيان لە جەستەم دەردەچێ.

از بهـر بوسـه ای زلبش جـان همـه دهم

أینـم تمـی سـتـانـد و آنم نمـی دهـد

واته: بۆ ماچێکی بەنرخی لە لێوی گیان دەبەخشم، ئەوەم لێ ناسێنێت و ئەویانم ناداتێ.

حافز هەمیشە عەشق لە ئەقڵ بە حەقیقەت زانتر و قووڵتر دەداتە قەڵەم

دل چو از پیـر خـرد نقل مـعـانـی می کـرد

عیشق می گفت بـه شرح آنچه بر أو مشکل بود

واته: کـاتێکە دڵ لـە پڕی ئەقـڵـەوە حـەقـیـقـەت و مـەعنای ئەقڵ دەکـرد ئەو حـەقـیـقـەتەی هەرچەندە واتای گران و نارەحەت بووایە عیشق بۆی شرۆڤەی دەکرد.

نماز درخم آن أبروان مـحـرابـی کس کند

کـه بـه خـون جگر طـهـارت شـود

واته: کـەسـێـک دەتوانێ لـە کـەوانی ئەو مـحـرابانەدا نوێژ بکات کـە بـەخـوێنی جگەر دەستنوێژی گرتبێ؟

لێرەدا نامەوێت بچمە نێو شیعرە عارفانەکانی، چونکە زۆرن و دەبێت بە تەنیا بابەتێکی بۆ تەرخان بکرێت.

## حافز و بادە

بێگومان مەی و بادە، یەکێکە لە ئامرازە گرینگەکانی شیعری حافز کە کوچە و مەیخانە و پیری موغان هاورازی هەست و نەستی شاعیر بووە، بە هۆیانەوە جوانی و خۆشەویستی و هزرەکـانی خسـتـووەتە پانتـاییـەکی بێ سنوورەوە، بڕوام وایە ئەو وردەکـارییـانەی کـە خەواجە دەرهەقی کاریگەریی بادە و هاوڕێتی گۆشەی مەیخانە و تام و بوونی کاسەی مەی لە خـۆڕا نەهـاتووەتە ئاراوە، بەڵکو خـەواجـە ئەو ڕۆڵانەی بـە کـردار ئەنجـام داوە، هیچ کاتێکیش شەرمی لەوە نەکردووە کە بە ڕاشکاوانە ڕازی دڵی خۆی و کاریگەریی مەستبوون بشـارێتـەوە، بـەڵکو لەوەپێش زیاتر کـە بە هاوڕازی هـێـز و توانای دەربڕینـەکـانی زانیـوە، چونکە پێم وایە ئەوەی دەریای نەدیبێت هەرگیز ناتوانێت وەسفی دەریا بکات، ئەوەی شاخ نەبینێت ناتوانێت بە جوانی وەسفی شاخ بکات... لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە خەواجە یەکێکە لەو کەسانەی بادە وەکو خوێن لەگەڵ جەستەیدا تێکەڵ بووە و هامێتە کراوە تەمەنی خۆی لە ڕێگەی مەیخانەدا خەرج کردووە.

حرف شد عمر گرانمایه به معشوقه و می

تا أز آنم چه به پیش آید أز أنیم چه‌شـــود

واته: ته‌مه‌نی گرانبه‌های خۆمم له ڕێگه‌ی مه‌عشوق و مه‌یدا خه‌رج کرد به‌ڵکو بزانم له‌و "مه‌عشوق" چیم به‌سه‌ر دێت و له‌م "مه‌ی"ه چیم لێ دێت.

حـــاشـــا کـــه من به گل ترک می کنم

من لاف عــقل مــیــزنم إين کــارکی کنم

واته: حاشا که له وه‌رزی گوڵ و به‌هاردا من واز له مه‌ی بهێنم ناوکی ئه‌قڵم هه‌یه، ئه‌م کاره چۆن ده‌که‌م.

ئه‌م مـــانه‌یه‌شی له چه‌ند جـــارێک زیاتر له غـــه‌زه‌له‌کـــانیـــدا دووپات کـــردووه‌ته‌وه کـــه ده‌سبه‌ردانی پیاڵه‌ی شه‌راب نابێت. بێگومان خه‌واجه پێی وایه چاکه‌شی هه‌یه.

عیب مه‌ی جمله چو گفتی هنرش نیز بگو

نفی حکمت مکن أز بهـــر دل عـــامی چند

واته: ته‌واوی عه‌یبه‌کانی "مه‌ی"ت گوت چاکییه‌کانیشی بڵێ. چونکه حیکمه‌ت وایه «باسی شتێکت کرد خه‌راپه و چاکه‌کانیشی بڵێ، نه‌ک ته‌نیا خه‌راپه» نابێت له‌به‌ر خاتری هه‌ندێک ئه‌و حکمه‌ته بخه‌یته لاوه و بشکێنی.

دا شتم دلقی و صد عیب نهان میپوشید

خرقه رهن می و مطرب شد زنار بماند

واته: خه‌رقه‌یه‌کم هه‌بوو سه‌د عه‌یبی داده‌پۆشی و ده‌شارده‌وه، خه‌رقه‌که‌م بارفته‌ی مه‌ی و به‌زمگا، گرد ته‌نیا زوونار مایه‌وه.

خه‌واجه حافز له‌وه زیاتر ده‌ڕوا و ده‌ڵێ:

دوش دیدم که ملائک در میـخـانه زدند

گلّ آدم بســرشــتند و به پیـمـانه زدند

واته: شه‌وی رابردوو بینیم که په‌رییه‌کان له ده‌رگه‌ی مه‌یخانه‌یان دا گڵی ئاده‌میان خۆشه کرد و دایان له پێوانه.

دیسانه‌وه حافز خه‌رقه و به‌رماڵه‌که‌ی له ده‌ست ده‌دات ئه‌گه‌ر شه‌راب له ده‌ستی مه‌یگێڕ مانگ رووخسار ببێت.

دلق و سجادەی حافظ ببرد بادە فروش

گر شراب أز کف آن ساقی مهوش باشد

واتە: بادەفرۆش "ساقی" خەرقە و بەرماڵی حافز دەبات، ئەگەر شەراب لە دەستی ئەو مەیگێڕە ماە چیهرەیە بێت. حافز پێی وایە شەراب خەمی رۆژگار بە با دەدات

غم دنيیّ دنی چند خوری بادە بخور

صیف باشد دل دانا کە مشوش باشد

واتە: خەمی دنیای پووچ چەندێ بخۆی بادە بخۆرەوە، حەیفە دڵی دانا پەرێشان ببێت.

جارێکی تر خەواجە بە راشکاوی خاکیبوونی خۆی بە شەراب ئامێتە دەکات تاوەکو وێرانەی دڵ ئاوەدان بکاتەوە.

خاک و جود ما را أز آب بادە گل کن

ویران سرای دل را گاه عمارت آمد

واتە: بە ئاوی شەراب خاکیبوونی ئێمە بکە بە قوڕ، کاتی ئەوە هاتووە وێرانەی دڵ ئاوەدان بکرێتەوە.

زاهد خلوت نشین دوش بە میخانە شد

أز سر پیمان برفت، باسر پیمانە شد

واتە: زاهدی خەڵوەت نشین دوێنێ شەو چووە مەیخانە، دای بە سەر پەیماندا و پیمانەی "پێوانەی" کرد "جامی پڕ کرد لە مەی".

حافز هەرگیز ناتوانێت ئینکاری شەراب بکات، خۆی بە کەم ئەقڵ دەزانێت ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدات.

من و إنکار شراب إین چە حکایت باشد

غالبا این قدرم عقل و کفایت باشد

واتە: من حاشاکردن لە شەراب، ئەمە چۆن حیکایەتێکە "باسێکە" بە زۆری هێندە مێشکم هەیە بۆ ئەوەی ئەم کارە نەکەم.

مکن بەچشم مقارت نگاە در من میست

کە آبروي شریعت بدین قدر نرود

واتە: بە چاوێکی سووکەوە مەڕوانە منی مەست، ئابڕووی شریعەت بەم تۆزە گوناهە ناچێت.